نامەی ماڵئاوایی

سڵاو ئازایزان

کۆمەک، وەک هەر ڕێکخراوەیەک لە چرکەساتێکی مێژوودا زا و ڕۆڵی خۆی بە کارامەیی وازیکرد. وەک بڵێیت ئەو ڕۆڵ وازیکردنە، بە هیمەتی ئەو مرۆڤگەلە دڵسۆز و لەخۆبووردووەی، چ وەک دەستەی کار و چ وەک پشتیوان، کۆمەکیان لە نەبوونەوە بۆ سەر ئەو زەمین و زەمانە سەختەی باشووری کوردستان، لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکاندا، پەلکێشکرد، پێویستییەکی مێژوویی بوو.

مخابن، ئەم نامە کورتە پانتاییەک نییە بۆ ئەو گشتە کار و چالاکییانەی لە ماوەی دە (١٠) ساڵ کارکردنی کۆمەکی نەرویج ئەنجامدراوە. (دەتوانیت زۆربەی کار و چالاکییەکان، لە ماڵپەڕی کۆمەک دا بخوێنیتەوە) هەر وەک چۆن، هێندەش بەرین نییە، تا بتوانین یەک بەیەک سوپاسی ئەو کەسە دڵسوز و بە ئەمەکانە بکەین، کە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی کۆمەک ماندوو بوون. وڵات بە کەسانی وەک ئەوانەوە گەشە.

لە ساڵی 2003 وە، لە ڕێگەی «پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ» کۆمەک پەلی هاویشتە ناو بواری فێرکارییەوە و شائامانج بووە گۆڕانکاری لە سیستەمی فێرکاری باشووری وڵاتدا. بەدەیان پرۆژە، لە فێرگەی دەڤەرە جوداکانی وڵاتدا، هەر لە شیلادزێ و بامەڕنیەوە، تا خانەقین و هەر لە مەخموورەوە تا دەڵاڵانی بتوێن، هاتنە والاکردن. چەندەها کۆرس و خولی ڕاهێنان بۆ ماموستایان سازکرا. چەندەها کتێب چاپکران. دەیان هەڤپەیڤینی «تی. ڤی» و دیداری وەزیر و کاربەدەستانی دیکەی وەزارەتی پەروەردە سازدرا.

کاتێک دەستەڵاتداران و کاربەدەستان، تەنها شتێک کە نیگەرانیان نەکات بواری فێرکاری بێت و هاوکات دێوەزمەی ڕۆتین و نابەڵەدی زۆرێک لە کاربەدەستانیش ئاستەنگی دەهێنا و پانتایی کارکردن بەرتەسک دەبۆوە. کاری کۆمەک یش، کە نیشاندانی نەخشەڕێی نۆژەنکردنەوەی ئەو بوارە هەستیار و گرنگە بوو، ئیدی بە بنبەست گەیشت.

دەستەی کارگێڕی کۆمەک، دوای هەڵسەنگاندنی کارەکانی خۆی و ئاستەنگەکانی، کە دەهاتنە پێش، لە ڕۆژی 2012/03/01 دا نامەیەکی بڵاوکردەوە و دیدی خۆی لەمەڕ چۆنیەتی کارکردنی ئایندەوە بڵاوکردەوە. بەڵام کاربەدەستانی بواری پەروەردە خەمساردتر بوون.

لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەک لە پایزی ساڵی 2012 بەکۆی دەنگ بڕیاردرا، کۆتایی بە کارکردنی کۆمەک وەک ڕێکخراو بهێنرێت. بە گوێرەی ساختاری کاری کۆمەک، دەبێت لە دوو کۆبوونەوەی ساڵانەدا هەمان پێشنیار زۆرینەی دەنگەکانی لەپشت بێت. دواجار، لە کۆبوونەوەی ساڵانەی کۆمەک، لە 2013/05/05 دیسان دەنگ لەسەر پێشنیارەکە درایەوە و بوو بە بڕیاری کۆتایی.

لە 2013/07/25 بە نامەی ڕەسمی لە فەرمانگەی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان- لە نەرویج، ئاگادارکراین، کە کۆمەک وەک ڕێکخراو، لە نەرویجدا ناوی کوژاوەتەوە.

ئازیزان

سەد مەخابن، کۆمەک وەک ڕێکخراو نەما، بەڵام جێدەستی لە بواری فێرکاریدا لە باشووری کوردستان دیارە و مۆری خۆی لەو ئاقارەدا لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ناو سیستەمی فێرکاری ئەو بەشەی وڵات، داوە. گشت ئەو بەرهەمانەی، کە لەو بوارەدا ئافراندومانە، زۆر بە دڵئاواڵەییەوە دەخەینە خزمەت هەر کەس و هەر ڕێکخراوێک، کە لەبواری فێرکاریدا خۆبەخش کاربکات.

بێگومان، ئەم دەنگ زوڵاڵیە و ئەم بڕوا بەخۆ بوونەمان، یەک پاڵنەر و یەک بزوێنەری هەبووە و هەیە، ئەویش کێوی هیمەت و دوندی لەخۆبووردەیی ئێوەی پشتیوانان و هاوکاران و هاوئامانجانی کۆمەک بوون.

سوپاس بۆ هەمووتان !

هەر سەربڵند و ئاسوودە بن!

کوردستانیش بە ئازادییەوە، تژیبێت لە هاوشێوەتان.

دواهەمین دەستەی کارگێڕی کۆمەک- نەرویج

2013/08/29 ئۆسلۆ – نەرویج